وتار

# بۆچی پێویستمان به گۆڤاری فیلم هەیە...!

کەریم مەلا

سەرەتا دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین، کە هەموو دەسپێکێک بـۆ کاری هونـەری و ئەدەبی و بـە تایبەتی بوارێکی فراوانی وەک سـینەما پێویستی بە ئەمانەتێکی پیشـەیی هەیە لە ڕاپەراندنیدا، وەک کۆکردنەوەی ئەو دۆکیۆمێنت و ئەرشیف و پاشخانە گەورەیەی کە هونەر بە گشتی بۆمان تۆماردەکات و سـینەماش لەو کارانە بەدەر نیە، کاتێـک بمانەوێت لایەنە مێژوویەکەی لە دووتوێی گۆڤارێکـدا جێبکەینەوە یان بەشـێکی کەمی ئەو گەنجینە نادیارەی سینەما بە خوێنەران و هەوادارانی سینەما بناسـێنین، نمونەیەکی زیندووش، کاتێک لە ناوەڕاستی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوودا، عەودالّی گەڕان بووین بە دوای تاکە سەرچاوەیەکی هونەری سینەما لە کتێبخانەکاندا کە هیچ کتێبێک و گۆڤارێکمان بە زمانی کوردی لەبارەی سینەماوە دەسـتنەدەکەوت، بەڵکو تەنها لەڕێگەی زمانە غەیرە کوردیەکانەوە بەتایبەتی زمانی عەرەبی کتێب و گۆڤار و سـەرچاوەمان دەستدەکەوت و دەخوێندەوە، کە لەو سەردەمەشـدا بۆشایەکی گەورەو کەم و کوڕیەک بوو بۆ کتێبخانەی کوردی و بۆ ئێمەش نیگەرانیەکی زۆر، ئەو ساڵانەشم لەبیرە کاتێک هەر سەرچاوەیەکی وەک کتێب و گۆڤارمان لەبارەی سینەماوە دەستدەکەوت، بە هەر شێوەیەک بووایە دەستاو دەستمان پێدەکردوو هەوڵماندەدا شـتێکی لێوەفێربین و لەزانین و گرنگی ئەو هونـەرە بێبەش نەبین، بۆ سـەرچاوەکانی ئەدەب و هونەری شـانۆش بەهەمان شێوە کە سەرچاوەکانی بە زمانی کوردی کەم بوون.

لەو گۆڤارانەی کە لەو ساڵانەدا زۆر جێگەی بایەخپێدان بوون گۆڤاری فیلم کە تایبەت بوو بەسـینەمای رووسی و گۆڤاری فنون و ژمارەیەک گۆڤاری تریش کە لە میسرو وڵاتانی تر تایبەت بە شانۆو سینەما هەبوون.

لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ژمارەیەک گۆڤاری گرنگ لە وڵاتانی ئەوروپا تایبەت بە سینەما هەبوون، کە زۆر بایەخیان بە هەواڵی سینەمایی و فیلمی نمایشکراوی ئەو کاتانە دەدا، ئەگەرچی هەموو گۆڤارێکی سینەما دەبێت زۆر گرنگی بـە لایەنی دۆکیۆمێنت و مێژووی ئەو فیلمانە بدات و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕێت تاوەکو شـوێن پێـی خۆی لە نێوەندەکەدا دەکاتـەوەو خوێنەران بەلای خۆیدا رادەکێشـێت، بـۆ گەلێکی وەک ئێمەی تـازە دەرکەوتوو لەو جیهانە فراوانەی سینەماشـدا، کە بیر لە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەهونەری فیلمسـازی بە زمانی کـوردی دەکەینـەوە نابێت بەهەمان ڕێچکەی ئـەو گۆڤارانە بێت کە بـە شـێوەیەکی



# وتار

زانستیانەو پیشەیانە گرنگیان بەو هونەرە نەداوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەو گۆڤارە بتوانێت بەلانی کەم گۆشـــەیەکی بچووکی ئەو کەم وکوڕیانە پڕبکاتەوەو گرنگی بە لایەنە زانســـتیەکانی ئەو هونـــەرە ناوازەیە بدات، بەتایبەتی رەخنەی ســـینەمایی و فاکترەکانی بەهێزکردن و پێشخستنی ســـینەمای کوردی بەهەموو رەهەندەکانیەوە، ئەمەش نەک هەر بە پشت بەستن بە وێنەی پڕ لە ستاتیکاو جوانی، بەڵکو بەگەڕان بەدووای ماهیەت و روحیەتـــی ئەو هونەرە لە لای مرۆڤـــدا، بۆ ئەوی کوردیش بتوانێت لەو رێگایەوە گوزارشت لە خەون و خولیاو خەم و ئازارەکانی خۆی بکات.

کاتێـــک دەمانەوێت گۆڤارێکمان لەبارەی ســـینەماوە هەبێت، پێویســـتە لایەنە تەکنیکیەکانی ئەو هونەرە لەبیر نەکەین کە ســـەرجەم هونەرەکانی تـــری وەک رووناکیـــو وێنەگرتن و دەنگ و ئیفێکت و مۆنتاژ و مۆســـیقا و لایەنـــە تەکنیکیەکانی دیکەی وەک جـــۆری کامێراو لێنـــز و مایک..هتـــد ئـــەو پێداویسیانەی لەو فیلمانە بەکار دەهێندرێت لەبیر نەکەین، یان پۆلێنکردن و دابەشکردنی سینەما بەسەر رێچکەو قوتاخانەکانیەوە، تاوەکو لەرێگای ئەو گۆڤارەوە بتوانرێت زانیاری گرنک بەخوێنەر و هەوادارنی سینەما بدات و ئەو هونەرەی لەلا خۆشەویست بکات.

ئەگەربمانەوێت ئەو ئاســـتەی ئێســـتای ســـینەما لە هەرێمی کوردستان پێشـــبخەین، تەنها بەدەرکردنی چەند گۆڤارێک و کارێکی ســـینەمایی و ڤیســـتیڤاڵ ســـازدان تەواو نابێت، بەڵکو لایەنێکـــی گرنگی ئەو برەودانە بە هونەری ســـینەما نەک تەنها لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەڵکو ئەو پەروەردە ئەکادیمیەی کە هەیە تەنها لە گۆشەنیگایەکەوە قەتیس نەکرێت و پێویســـتە دەرچووانی ئەو ئەکادیمیایە هەوڵبدەن خول و وۆرکشـــۆپی سینەمایی بۆ هەوادارانی سینەما بکەنەوەو گەنجەکان فێر بکەن و عەشقی ســـینەمایان لەلادا دروست بکەن و سوود لەو هەولانە ببینرێت و کەسانی پسبۆر و شارەزا لەو بوارە لەدەرەوە بانگهێشت بکرێت کە ئەمەش گرنگی خۆی دەبێت بۆ پێشخستنی سینەما لەهەرێمی کوردستاندا.



# سینەما
## لە پێگەی هونەردا

رەزا عەلی پوور

سینەما سەرەتا لە هەناوی پیشە و زانستەوە هاتەدەر و تا ئێستەش گەلێک لایەن، سینەما تەنها وەک پیشەیەک دەبینن، بەڵام مێژووی سینەما بە ئاقارێکدا رۆیشتووە کە نەتوانین تاقە ئەم دیدەمان سەبارەت بە «پیشە ـ هونەر»ی سینەما ببێت و سینەما تەنها وەک بازرگانی و پیشەیەک ببینین. ئەمە نەک بەو مانایە پیشەیی بوون بە تەواوەتی خرابێتە لاوە، بەڵکو بەو مانایە کە فیلم لە رێگەی کاڵکردنەوەی ئەو رەهەندەوە، توانیویەتی خۆی لە سینەما وەک پیشە دەرباز بکات و ببێتە سینەما وەک «هونەر- پیشە» و ئینجا سینەما لە پێگەی هونەردا. بە پێچەوانەی باوەری باو مەبەست لە پیشەیی بوون تەنها کەڵک وەرگرتنی بەرفرە لە تەکنەلۆژیا و ئامێرە پیشەییەکانی سینەما نییە، بەڵکو مەبەست سەیرکردنی سینەمایە وەک بازرگانیەتێک کە دەبێ لە باری مادییەوە بە سوود بێت و پێش هەموو شت سوودی لە پێش چاو بێت. لێرەدا هەوڵدەدرێت هەندێ لایەنی سینەمای سەربەخۆ لە پێگەی هونەردا لەگەڵ سینەمای زاڵ لە پێگەی «پیشە- هونەر»دا بەراورد بکرێت و ئەم بەراوردەش سەرتای ناسینی دوو دنیای سینەماییە کە سنوورەکانیان لە زۆر کاتدا تێکەڵ بە یەکتر دەبێت، کەواتە نابێ ئەمەمان لە بیر بچێت هەموو فیلمێکی سەربەخۆ سەر بە سینەمای هونەری و داهێنەرانە نییە و هەموو فیلمێکی سیستەمی ستۆدیۆییش سینەمای ناهونەری نییە واتە گەلێک فیلمی سینەمای زاڵ لە گرنگترین فیلمە هونەرییەکانی مێژووی سینەمان و گەلێک فیلمی سەربەخۆش ناگەنە ئاستێکی هونەری، بۆیە ئەم دابەشکردنەش وا لێرەدا هەیە، رەها و موتڵەق نییە و سەرەتایەکە بۆ پۆلێنکردنێکی گشتی کە دواجار دەبێ لەسەر فیلمەکان بە جیا بدوێین.

لە سینەما لە پێگەی پیشە- هونەردا سیستەمی ستۆدیۆیی و لە ژوور هەموویانەوە هۆلیوود، زۆرترین نزیکایەتیی لە پیشە هەیە، لە تەکنەلۆژیاوە بۆ بازاڕ (سەرمایەگوزاری و فرۆش) و تەنانەت مۆدە و هەروەها بۆ کەڵکوەرگرتنی ئامرازی و پیشەیی لە رەهەندی هونەریی سینەما، واتە بەرهەمی سیستەمی ستۆدیۆیی دەرکەوتەی تەواوەتیی ئەو دیاردەیەیە کە «ئادۆرنۆ» و «هۆرکهایمێر» پێیدەڵێن «پیشەی کەلتوور». لە بەرانبەر ئەم سینەما ستۆدیۆیی و سیستەمییەدا دەکرێ باس لە چەند سینەمایەکی دیکە بکەین وەک «سینەمای ئاوانگارد»، «دژە سینەما» و تەتانەت «سینەمای ژێرزەمینی». ئەگەرچی هەرکام لەم سینەمایانە مێژوو و پێناسەی جیاوازیان هەیە بەڵام خاڵێکی هاوبەش زۆربەیان پێکەوە کۆ دەکاتەوە کە بریتییە لە تەجرەبەی جیاوازکردن لە چاو سینەمای باو و رەسمی، بۆیە لێرەدا بە تەساموحەوە هەموویان لە ژێر ناوی سینەمای سەربەخۆدا کۆ دەکەینەوە. سینەمای سەربەخۆ بەو مانایەی ئەگەر لەگەڵ سیستەمی ستۆدیۆییدا لە ململانێیەکی ئاشکرادا نەبێ کەمترین پێوەندیی هەیە.

سینەمای سەربەخۆ لە پێناسەیەکدا بریتییە لەو سینەمایەی کە زۆرجار دەرهێنەر خۆی بەرهەمهێنەرە و بە بوودجەیەکی کەم هەوڵ لە سازکردنی بەرهەم یان کۆمەڵە بەرهەمێک دەدات کە سیستەمی ستۆدیۆیی قەبووڵی ناکات و لەبەر رەهەندی مانایی و ریسککردن لە هێنانە ئارای بابەت و تەکنیکی ئەزموون نەکراو، ئامادە نییە لەسەری سەرمایەگوزاری بکات. ئەگەرچی ئەم پێناسەیە گشتی و ناڕوونە بەڵام ئامادەنەبوونی دەرهێنەری سەربەخۆ و سینەمای بە پیشەبوو بۆ پێکەوە کارکردن دەتوانێ هەندێ تایبەتمەندیی ئەم سینەمایەمان بۆ روون بکاتەوە.

ئەمە وتەیەکی سەلماوە کە سینەمای زاڵ و رەسمی لە پێوەندیی ئابووری و بابەتی ئایدیۆلۆژیک، فۆرمی خۆی وەردەگرێت. واتە سینەمای باو سەرمایە دادەنێت و سەرفی دەکات تا ئایدیۆلۆژیایەک بە شێوەگەلی ناراستەوخۆ و هونەری وەک بابەتێکی بەڵگەنەویست و ئاسایی نیشان بدات. بۆیە لە خوێندنەوەی رەخنەیی سینەمادا بەردەوام سێ پرسیار گرنگن: سوبژەی ئاخێوەر کێیە؟ ئایا ئەم سوبژەیە لە کوێی شوێنکاتدایە و چ پێوەندییەکی بە مێژووەوە هەیە و چۆن لەوێدا جێگیر بووە؟ ئایا ئەم سوبژەیە دەخوازرێ ببێتە قەدەر و چارەنووسی کێ و بە کوێ دەگات؟ با ئەم پرسیارانە لەسەر ژانرێکی سینەمای باو (کە زۆر حەز بە مانەوە لە ناو ژانردا دەکات) تاقی بکەینەوە: لە سینەمای رەسمی و لە ژانری «وێستێرن»دا بەردەوام «پیاوێکی سپی پێست» هەیە کە دەگاتە ناو ئاژاوە و نەزم و یاسا زاڵ دەکات، لە سەرەتای جێگیرکردنی دەسەڵاتی یاسادا و بە گەڕاندنەوەی حەق بۆ مافخوراو سزای تاوانباران جێگەی مێژوویی خۆی دەدۆزێتەوە. هەروەها ئەمە ئایندەی روونی وڵات و شار و سەرکەوتنی یاسا و حەقیقەتی لە قاڵبی یاسادراوە کە دەبێتە قەدەر و ئایدیای داهاتوو. لەو ژانرەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا بانگەشە بۆ بەهاگەلێک وەک نەزم، یاسا، پیاوی یاسا، یان پیاوانی لایەنگری یاسا و داهاتووی پڕ لە ئارامیی هاوڵاتییان و سەرگرتنی دادپەروەری و ئازادی دەکرێت.

**لە سینەمای سەربەخۆدا**
**ئەو گەشبینییە ئایدیۆلۆژییە بوونی نییە**




و بەشێکی بەرچاوی سینەمای رەسمیی هۆلیوود بەم کلێشەیە ئیش دەکات کە بریتییە لە: نەزم و ئارامیی سەرەتا/ نائارامی و ئاشوفتەیی/ و لە دواجاردا گەڕاندنەوەی نەزم. لەم کلێشەیەدا ئاشوفتەیی و نائاسایی وەک دیاردەیەکی دەگمەن دەنوێندرێ کە لە نێوان دوو نەزمدا هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی کۆتایی پێ بێت، واتە لێرەدا هەژاری، قەیرانی رۆحی و کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی تێپەڕ نیشاندەدرێت کە لە واقیعدا وا نییە و ئەمە گۆڕینی ئاشکرای حەقیقەتی ژیانە. بەڵام لە سینەمای سەربەخۆدا ئەو گەشبینییە ئایدیۆلۆژیکییە بوونی نییە، سەیری «سەیرتر لە بەهەشت»ی جیم جارموش وەک فیلمێکی هونەریی دەرهێنەرێکی سەربەخۆ زۆر شت روون دەکاتەوە.

سینەمای زاڵ لە باری سوبژەی ئاخێوەرەوە کەمترین سەرنج بەو سوبژانە دەدات کە گرفتاری کێشەی ئابوورین وەک چەوساوەکان، چما لەو دنیایەدا شتێک بە ناوی کرێکار، بێ پارە و رەنجی ئابووری بوونی نەبێت، لە کاتێکدا لە دێکۆرەوە بۆ سێکانسەکانی ناو باڕ و خانوو و سیارە و. بەزۆری جەخت لەسەر فراوانی و مەسرەفکردن دەکات و ئەگەر بە رێکەوت وەها سوبژەیەکیش هەڵببژێرێ لە بونیادی واقێعیی کێشەکەی قووڵ نابێتەوە، واتە لەو سینەمایەدا سیستەم و ئایدیۆلۆژیای




چەوساندنەوە و نابەرابەری و مەسرەفکردن بە شێوەیەکی رادیکاڵ ناخرێتە بەرپرسیار. بە پێچەوانەی باوەڕی باو ئەمە هەرگیز و تەنها بابەتێکی ناوەڕۆکی نییە، چونکە سینەمای زاڵ ئەوکات دەتوانێ وەک هونەری سینەما بمێنێتەوە کە ئەو بایەخانە بە زۆری بباتە ناو دەڤەری مانا پاڵەکی و شاراوەکانەوە و بە زمانی وێنە لێیان بدوێت، کەواتە پێش هەموو شتێک زمانێکی وێنەیی دەخولقێنێ کە پشتیوانی لە مانا جێ مەبەستەکانی ئەو دەکات. لێرەدایە کە تەکنیک دەبێتە یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ئەم سینەمایە، تەکنیکگەلێک کە پێش هەموو شتێک دەیانەوێ هەم خۆیان و هەم فیلمبوون و ئایدیۆلۆژیک بوونی خۆیان دابشارن، بۆیە سینەمای زاڵ بە زۆری لە ڕێسا جێکەوتووەکانی فیلمسازی پێڕەوی دەکات و کەمترین هاتوچۆ و تێپەڕاندنی لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دیکە و تێکدانی ڕێساکانی هەیە. لە کاتێکدا سینەمای سەربەخۆ زۆرترین جەخت لەسەر لایەنەکانی فیلمبوون و نیشاندانی تەکنیکەکانی خۆی دەکات، واتە سینەمای زاڵ هەوڵدەدا بینەر لە خۆیدا نوقم بکات وەک ئەوەی دنیای وێنەکراوی فیلمێک بە واقیع تێبگات، بەڵام سینەمای هونەری و ئاوانگارد

**لە سینەمای زاڵدا هەوڵدەدرێت**
**بینەر لە ناو فیلم دا نغرۆبێت**



بە پێچەوانەی ئەمە دەجووڵێتەوە. واتە بە شێوەی جیاواز ڕێسا و دانراوە سینەماییەکان (هەر لە ژانرەوە تا سوبژەگەلی بە تیپ بووی سینەمای زاڵ) تێکدەدات و دەیخاتە ژێر پرسیار و ڕەفزی دەکاتەوە. ئەم سینەمایە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک کەڵکەڵەی سیاسی و جوانیناسیی هەیە، واتە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕەهەندی جوانیناسی و هونەریی سینەمای باودا گرفتی هەیە و هەروەها لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای زاڵی کۆمەڵگا و هەناوی فیلمی باودا دیسان لە ململانێدایە، خودی ئەم ململانێیە دەکات بە کەڵکەڵەی خۆی و لە هەندێ کاتدا بە شێوەیەکی فۆرمالیستی وەڵام بەو پرسانە دەداتەوە. لەوەها حاڵەتێکدا سترەکتۆر و چنراو (texture)ی فیلمەکە بە تەواوەتی جەختی لەسەر دەکرێ، بۆیە لە زۆر کاتدا سەرنجی بینەر بۆ سەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و خودی فیلم و شێوەی بەرهەمهێنانی مانا و ڕەهەندە شاراوەکانی بەرهەمهێنانی مانا و فیلم، ڕادەکێشێ وەک فیلمەکانی (ژان لوک گۆدار) کە زێدەڕۆیی لە مونتاژدا دەکرێ. بۆیە گێڕانەوەی خەتی و سەر ڕاست کەمتر دەبینرێت هەر ئەمەش وادەکات کە بینەر لە ناو فیلمدا نوغرۆ نەبێت و مەودایەک بە مانا «برێشت»ییەکەی لە نێوان خۆی و فیلم و دنیای واقیعدا بەدی بکات لە کاتێکدا لە سینەمای گێڕانەوەیی زاڵدا هەوڵ دەدرێت بینەر لە نێو فیلمدا نوقم بێت و دنیای فیلم بە دنیای واقیع بزانێت. سینەمای سەربەخۆی هونەری بە هەڵبژاردنی سوبژەی ئاخێوەری قەیراناوی و پەراوێزی (وەک شۆفیر تەکسییەکانی فیلمی «شەو لەسەر زەوی»ی جیم جارمووش) و هەروەها زێدەڕۆیی لە نواندنی تەکنیکدا (وەک فیلمەکانی گۆدار)، یان بەتاڵکردنەوەی خۆی لە تەکنیک (وەک فیلمەکانی شانتاڵ ئاکێرمەن) دەیەوێ مەودایەکی ڕەخنەگرانە بۆ بینەر برەخسێنێت، بەمەش بەشێکی گەورەی سینەما لە پێگەی هونەردا ساز دەبێت.

بەهەرحاڵ ئەگەر سەردەمێک پێویستیی تەکنەلۆژیای قورس و بوودجەی گەورە دەرەتانێکی کەمی بۆ سینەمای سەربەخۆ دەهێشتەوە، لە ئێستەدا بە گەشەسەندنی کامێراگەلی دیجیتاڵی کە کوالیتەیەکی نزیک لە ٣٥ mm یان هەیە باس لەوە دەکرێ سینەمای سەربەخۆ و تایبەت گەشەیەکی زیاتر بکات، بەڵام هاوکات گریمانی ئەوەش هەیە ئەمجار سینەمای سەربەخۆ لەبەر سانا بەدەستەوەدران و فراوانبوونی، زیاتر لە کلیشەکان نزیک ببێتەوە و نوێگەری و ریسککردن مانایەکی نەمێنێ، واتە تەنها تەجرەبەکردنێکی بێ مەبەست بێت و کەڵکەڵەی قەیراناویکردنی جوانیناسی و ئایدیۆلۆژیای سینەمای باو

# وتار

هۆمۆسێکسواڵەکان دەدوێت و دەچێتە خانەی سینەمای ژێرزەمینییەوە لە بێزراوترین لایەنەکانی سینەمای زاڵ بوو لە کاتێکدا بە لای ئەوەوە بە هیچ شێوەیەک بایەخی باسکردنی نەبوو، بەڵام ئێستە ساڵانە هەمان سینەمای باو و هۆلیوودی ئەو کێشەیەی وەرگرتووە و بە پێی پێوەرەکانی خۆی فیلمی لێ سازدەکات (بڕوانە فیلمی «کوێستانی بڕووک بەک» و...) و هەندێجار خەڵاتیشی پێدەدات. دیارە ئەمە موسادرە و ئیحتیواکردنێکی ساکارە کە سینەمای زاڵ و ڕەسمی بە نیسبەتی سینەمای ناڕەسمی و سەربەخۆوە هەیەتی. کەواتە لەوەها موحافیزەکارییەکدا، گرنگیی سینەمای سەربەخۆ بە زۆری لەوێدایە کە ئاسۆ نوێیەکانی ڕەهەندی هونەریی سینەما دەربخات.






**گرنگی سینەمای سەربەخۆ لەوەدایە کە ئاسۆ نوێیەکانی ڕەهەندی هونەریی سینەما دەردەخات**

بدۆزێتەوە، ئەم دۆزاندنەش ئەوکات گرنگ دەبێتەوە کە سینەمای سەربەخۆ ململانێیەکی نامێنێت و شتێکی نامێنێ تا لە سینەمای زاڵ جیاوازی بکاتەوە. چونکە سەرەڕای ئەو ململانێیە سینەمای باو بەردەوام لە سینەمای سەربەخۆ کەڵکی وەرگرتووە بە زۆری پێی قەرزدارە، سینەمای سەربەخۆ و ئاوانگارد لە بەرینکردنەوەی تەجرەبەی جوانیناسەکی و هونەریی سینەمادا گەلێک ڕچەی تازەیان شکاندووە کە سینەمای باو و زاڵ بەردەوام هەوڵی قۆرخکردن و بەهی خۆکردنی ئەوانەی داوە، بۆ نموونە ڕۆژێک لە ڕۆژان سینەمای «کوئێر» کە لە کێشەی



# سینەمای کلاسیک

تەها کەریمی

**«سینەماتوگراف» ساڵی ١٨٩٥ وەک بونەوەرێکی غەریب و نەناسراو لە لایەن برایانی لومییەرەوە پێشکەش کرا. پێشکەش بە کێ کراو بۆچی؟.. خۆیشیان نەیان دەزانی!**

**دەڵێن (ژورژ مەلیەس) ئەو کەسەی خەیاڵە چیرۆکی بەم بونەوەرە ئاشنا کرد، دەچێتە لای باوکی برایانی لومییەر و داوای کرینی سینەماتۆگراف دەکات. باوکی لومییەرەکان پێی دەڵێ شوێن کاڵوی لار مەکەوە.. مەیکڕە.. سینەماتۆگراف تەنیا ئامێرێکی زانستییە و دۆزراوەتەوە.. خەڵک ماوەیەکیتر لێی بێ تاقەت دەبن و لە بیری دەبەنەوە!**

**سینەماتۆگراف بە یارمەتی (مەلیەس و پۆرتەر و گریفیس و...) و سەدان و هەزاران کەسی ناسراو و نەناسراو گەشەی کرد و گەورە بوو.. پیرەوکەبوو لێومانی گرت و هات.. تا ئێستا.**

دوای یەکەم نمایشی بە کۆمەڵی فیلم لە ٢٨ دیسامبری ١٨٩٥ لە گازینۆیەکی پاریس، رۆژ لە دوای رۆژ هەزاران هۆڵی نیشاندانی فیلم لە سەراسەری دونیا کرایەوە و پێش هەمووان، کرێکار و بێکار و چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بە لێشاو روویان تێکرد و پێی سەرسام بوون. چینی دەستروێشتووی بۆرژوا سەرەتا پێیان عەیب بوو سەر بەم هۆڵانەدا بکەن، ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێک یەخە چڵکن و گیرفان بەتاڵ و دەموچاونەشۆر کە زۆربەیان بۆنی ئارەقیان لێ دەهات...

سینەمای فەقیرحاڵ، کە خویشی خۆی نەدەناسی، بێ ورە پاڵی بە شانۆ و رۆمانەوە دابوو، جار جار خۆی لە سەما نوێ دەکردەوە، سەیری شێوەکاری و پەیکەرەسازی دەکرد و.. چینی یەخەچڵکن چەپڵەیان بۆ لێ دەدا و چینی بورژوا بە گومانەوە سەیریان ئەکرد..! لەم ساڵانەدا گریفیس (کە بە باوکی سینەمای رۆژئاوا ناوزەد دەکرێ) لە لایەن برادەرێکەوە پێشنیاری پێدەکرێت دەقێک بو سینەماتۆگراف بنووسێت. ئەو کە پێشتر دەقی شانۆیی و چیرۆکی دەنووسی بەم پێشنیاری برادەرەی دڵگران دەبێت و پەی دەڵێ یانی تۆ من ئەوەندە بە کەم دەزانی؟ یانی تۆ ئەوەندە بە نزمم دەزانی؟ بەڵام دواجار بێ پارەیی پاڵی پێوە دەنێت بۆ سینەما بنووسێت و دواجار ببێت بە باوکی ئەم بونەوەرەیە لە رۆژئاوا...

سینەمای بێدەنگ لە ساڵی ١٨٩٥ تا ١٩٢٧، رۆژ دوای رۆژ گەشەی کرد و دەوڵەمەند بوو، وردە وردە بەرەو سەربەخۆیی رۆشت و لە ساڵی ١٩١٥ و بە دروستبوونی فیلمی «لە دایکبوونی نەتەوەیەک» لە دەرهێنانی گریفیس، سەرنجی دۆست و نادۆستی بۆ خۆی ڕاکێشا. سینەما سەربەخۆیی لە شانۆ و رۆمان و هونەرەکانی دیکە وەرگرت و هاوکات سەرنجی دەیان و سەدان سەرمایەداری گەورەی بۆلای خۆی راکێشاو وای لێ کردن سەرمایەی خۆیان بهێننە ناو سینەما و چاوەڕوانی قازانجی چاوەڕواننەکراو ببن بە پاڵپشتی ملوێن ملوێن بینەری سەرسام بەم هونەرە تازە.

لە ماوەیەکی کورتدا چەندین ملوێن بینەری تامەزرۆ، کەم و زۆر لە هەموو دونیا، پارەیان دەدا فیلم ببینین، پارەیان دەدا شوێن چیرۆکی فیلمەکە بکەون، پارەیان دەدا لەگەڵ قارەمانی فیلمەکان بگەڕێن، پێبکەنن، بترسن، تێبکۆشن و لەگەڵ ئەودا بەرەو لە ناوبردنی دژەقارەمان و بەرەو سەرکەوتن (برێک جاریش بەداخەوە بەرەو تێکشکان) برۆن..

لێرەوە وردە وەرد چیرۆکی فیلمەکان بەئاگا و بێ ئاگا، هاوکات لەگەڵ ناسین و خوێندنەوەی دەروونناسی بینەران، بەرەو شێوەیەک «فورموڵە بوون» رۆیشت، لەگەڵ ساڵانی سینەمای بێدەنگدا، فیلمسازەکان زۆر ورد و قووڵا زمانی وێنەیی گێڕانەوەیان دۆزییەوە و توانیان چیرۆکی دوور و درێژ بە یارمەتی وێنەکان بگێرنەوە، لەگەڵ زمان کردنەوەی سینەما لە ساڵی ١٩٢٧، ئەم بالغ بوونە زیاتر و زیاتر دەرکەوت.

ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٣٥ ساڵی سەرسام بوون بە دەنگ و شڵەژان و دواجار هێور بوونەوە و دەرکی «دەنگ « بوو لە جێگەی تایبەتی خۆیدا. واتە ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٢٨ و ١٩٢٩ بەشێکی زۆر ئەوەندە بە دەنگ سەرسام بوون، هەموو هەوڵ و تێکۆشانی دۆزینەوەی زمانی سینەماییان

# وتار




له بیر چــووه و فیلمەکانیان پڕ کرد له قسەکردنی بەردەوام و موزیک، بەڵام دوای زرینگانەوەی زەنیان، دەنگ جێگەی تایبەتی خۆی له گێڕانەوەی سینەماییدا دۆزییەوه.

زۆربەی مێژوونوسان و تیورسیەنەکانی سینەما ساڵانی ١٩٣٥ تا ١٩٤٥ بە ساڵانی زێڕینی سینەمای کلاسیک دادەنێن. لەم ساڵانەدا کە سینەما گەشـــتبووە ئاســتێکی بەرین و گەشە کردوو، ســاڵانە سەدان فیلمی ســینەمایی بەرهەم دەهاتن کە کۆمەڵێک پێوەریان تێدا ڕەچاو دەکرا و بینـــەری ئەم فیلمانە کەم تـــا زۆر زۆربەی ئـــەم پێوەرانەی لە ناو فیلمەکانـــدا دەبینـــی و پێیانگۆش دەکرا. بینەر بـــێ ئەوەی بە خۆی بزانێ. زەوق و ســـەلیقەیەکی تێدا پەروەردە دەکرا و پێوەرەکان لە ناو نائـــاگای ئەودا رەگیان دادەکوتاو فیلم لەگەڵ فیلم زیاتر و زیاتر زەینی شکڵی دەگرت.

باســـی ئەوەمان کرت کە ســـاڵی ١٩١٥ و بە دروستبوونی فیلمی «لە دایک بوونی نەتەوەیەک» یەکەم دەنگۆی ســـەربەخۆی سینەما سەری هەڵداو لەگەڵ ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەند بوونی بەرەو باڵغ بوون ڕۆشـــت. بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە بڵێن پشـــتی لە شەش هونەرەکەی دیکە کردبێت. لە راســـتیدا سەرچاوەی پێوەرە سینەماییەکان لە نووسین و دەرهێنانادا بە تایبەتی دەگەڕاوە بۆ شانۆ و ڕۆمان. ئەگەر بزانین ڕۆمان هونەرێکی تازەیەو تەنیا تەمەنی چوارســـەد و چەند ســـاڵێک دەبێت، بۆمـــان دەردەکەوێت کە دەقە شـــانۆییەکانی یۆنان و نوســـینەکانی ئەرەســـتوو لە کتێبـــی «پۆیتیک= بوتیقا» بە کۆنترین ســـەرچاوەی پێوەرەکانی سینەما ناوزەد دەکرێت.

١٩٣٥ تا ١٩٤٥، ســـاڵانی زێڕینی ستۆدیۆ ســـینەماییەکانی ئەمریکا و لە پلەی دووهەمیشـــدا ســـتۆدیۆکانی ئوروپا بوو زۆرینە فیلمە بەرچاوە کلاســـیکەکان لەم دە ســـاڵەدا بەرهەم هاتن. فیلمەکان دروستدەکران و چەندین هەزار ســـینەمایش بەردەوام خەریکی نمایشـــی فیلم بوون و ژمارەی ئێجگار زۆری بینەرانیش، سەرسام و تامەزرۆ، چاووڵیان لای چیرۆکی فیلمەکان و دەم و چاو و جلوبەرگی ئەســـتێرە سینەماییەکان بوو. ئەستێرە سینەماییەکان سوڵتانی دڵی بینەران بوون. خۆشەویستی بینەران بۆ ئەســـتێرە ســـینەماییەکان وای کردبوو هەموو پەراوێزێکی ئاسایی ئەستێرەیەکی سینەمایی لای ئەوان گرینگ و جێگەی سەرنج بێت.

ئەگەر بڵێین ئەو ساڵانە گەرم و گورترین ڕۆژانی سینەما بوون و زیاترین عاشقی سینەما دەروێشـــانە چاویان دەبڕیە پەردەی پیرۆزی سینەما! بە هەڵەدا نەچووین.

هەر کە بینەر دەچوە ناو هۆڵی سینەماوە، دنیای دەرەوەی لە بیر دەچۆوە لە ماوەی ئەو دوو ســـاعەتەدا بە تـــەواوی لەم دنیایە دەچوە دەرو خۆی لە دنیـــای فیلمەکەدا دەبینیەوە. لە گەڵ قارەمانی فیلمەکەدا پێدەکەنی، دەترسا، توشـــی دڵەڕاوکێ دەبوو، غەمگین دەبوو، دەگریاو فرمێسک بە گۆناکانیدا دەهاتە خوار و.. ئەگەریش بزانین بە شێکی زۆری ئەم فیلمانە بە خۆشـــی تەواو دەبوون (Happe End) ئەوا لە کۆتایی فیلمەکەدا بینەریش وەک ئەوان هەستی بە سەرخۆشی و سەرکەوتویی دەکرد.

دووبارە هەر پێویســـتە بزانین لەم دە ســـاڵەدا ئوروپا و دواجار ئەمریکا بەرەو شەڕی دوهەمی جیهانی ڕۆشتن و ئەمەش یانی هەژاری و ماڵوێرانی و جیابوونەوە لە کەس و کار.. یانی رەنجی ئێجگار زۆر.

زۆر جـــار خەڵـــک بۆ فەرامۆشـــکردنی ئێـــش و ئازارەکانیـــان رویان لە هۆڵەکانی ســـینەما دەکرد. پەرتۆلد برێشت لە بەرامبەر ئەم سینەمایەدا هەڵوێست وەردەگرێت و بە چەندین شیعر و نوســـین و دواجـــار تیـــۆری هێرش دەکاتە ســـەر کۆمپانیاکانی هۆلیوود و بە «کارخانەی خەونسازی» ناوزەدیـــان دەکات. ئەو پێیوایە ئەم ســـینەمایە زیاتـــر وەک مادەی ســـڕکەر بۆ چەند ساعەتێک بینەر دەخافڵێنێـــت و هەرکـــە لـــە هۆلەکە هاتە دەرەوە دونیای بێڕەحمی واقیعی دەرەوەی هۆڵ زیلەی لێدەدات. ئەو دەیگوت سینەما و هونەر بە گشـــتی دەبێ ڕووی لە ئەقڵی بینـــەر بێت نەک ئێحساس و عاتیفەی ئەو دەبـــێ چـــاوی بکاتەوەو هوشـــیارتری بکاتـــەوە بۆ ئـــەوەی خۆی دەس بـــە کار بێت بۆ گۆڕینی واقیعـــی تاڵـــی ژیانـــی خۆی، نـــەک بە خەیاڵ خۆی داپۆشێ و رووداوە تاڵـــەکان فەرامـــۆش بکات.



ئەڵبەت لە بەرامبەریشدا وەڵامی سەرنجراکێش دەدرایەوە و باس لە لایەن پۆزەتیڤەکانی ئەم سینەمایە دەکرا.

فیلمی «رۆژی ئەرخەوانی قاهیرە» لە نووسین و دەرهێنانی ودی ئالێن زۆر بە جوانی ئەم باسەی کردۆتە بابەتی فیلمەکەی و تیشکی خستۆتە سەر هەر دوولایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی ئەم سینەمایە، واتە سینەمای کلاسیک.

سینەمای کلاسیک تا ئێستەش خاوەنی زیاترین ژمارەی بینەرە. سینەمای مۆدێرن و پۆست مۆدێرن بە هەر دوکیانەوە نەیانتوانیوە زیاتر لە ٢٠٪ ی بینەرانی ئەم سینەمایە بەرەو لای خۆیان راکێشن و بەرهەم هێنەرانیش تا ئێستا زیاتر رویان لە سینەمای کلاسیک و پێوەرەکانیەتی و لە راستیدا فۆرمی کلاسیک هەروەک ئاماژەمان پێکرد، فۆرمێکی ٢٥٠٠ ساڵەیە و لە دەقە شانۆییەکانی یۆنانەوە سەرچاوەی گرتوە و لەم ماوە دوورودرێژەدا ئەم پێوەرانە توانیویانە سەرنجی بینەر بۆ گێڕانەوە رابکێشن.

پێش ئەوەی بچینە ناو پێوەرەکان و تایبەتمەندیەکانی سینەمای کلاسیک، دەبێ ئاگادار بین ئەو زەمینەیەی چیرۆکی کلاسیکی تێدا روو دەدات، زەمینەیەکی



نامۆدێرن و ترادیشناڵە. واتە گێڕانەوەی کلاسیک لە زەمینەیەکدا روو دەدات کە هێشتا مرۆڤ بە وەڵامەکانی رابردوو رازیە. هەموو شتێک روون و ئاشکرایە و پێوەندیەکان روونن. لایەنی خێر و لایەنی شەڕ بە تەواوی دیارن و هەموو شتێک خاوەنی مانای خۆیەتی و گومان هەموو شوێنێکی نەتەنیوەتەوە. ئەگەر کەسێک کارێک دەکات رێک مەعلووم و دیارە کە بۆچی ئەو کارە دەکات. واتە هەموو شتێک لە دنیایەکی (علت و معلول) یدا روودەدات.

تایبەتمەندیەکان:

لە گێڕانەوەی کلاسیکدا یەک کەسایەتی سەرەکی هەیە (پرۆتاگۆنیست = قارەمان) و رووداوەکان لە دەوری ئەم کەسایەتیەن و هەموو کەسایەتیە لاوەکیەکان بۆ روونکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی سەرەکی و لە پێناو ئەودا دروست دەبن. هەر کەس دێتە سەر رێگەی کەسایەتی سەرەکی و دەبێتە بەشێک لە گێڕانەوە، دەبێ بە پێی زەرورەتی کەسایەتی یەکەم دەربکەوێت و نابێت سەرنج راکێشتر و رەنگینترو دیارتر بێت لە کەسایەتی سەرەکی. ئەم کەسایەتیە سۆز و عاتیفەی بینەر بۆ لای خۆی رادەکێشێت و لە درێژەی گێڕانەوەکەدا بینەر لەگەڵ ئەم کەسایەتیە هاورێ دەبێت و لەگەڵیدا هاوسۆزی دەکات. جاری وا هەیە کۆمەڵە کەسێک کە خاوەنی یەک ئامانج و روانگەبن جێگەی کەسایەتی سەرەکی دەگرنەوە بۆ نمونە کەسایەتی سەرەکی دەتوانێ گروپ یا حیزب و جەماعەتێکی تایبەت بێت.

لە بەرامبەر هەر پرۆتاگۆنیستێکدا کەسایەتیەک هەیە کە بە دژە قارەمان (ئانتاگۆنیست) ناو دەبرێت. بینەر لەگەڵ ئەم دژە قارەمانەدا نییە و حەز بە لە ناوچوونی دەکات و هاوسۆزی لەگەڵدا ناکات. جاری وایە دژە قارەمان مرۆڤ نیە و سروشتە: بۆ نمونە قارەمانی چیرۆک کەشتیەکی شکاوە و لە ناو دەریادایە. ئاوی دەریا لە بەرامبەر تێکۆشانی قارەماندا ئەوێستێت و لە وانەیە بیخنکێنێت. لێرەدا ئاوی دەریا دەوری دژەقارەمان دەگێڕێت.

قارەمانی گێڕانەوەی کلاسیک چالاک و ئەکتیڤە و لەبەرامبەر کێشەکاندا بە کارامەیی دەکەوێتە بەربەرەکانی و هەوڵ دەدات بە هەموو هێزیەوە بە سەر کێشەو بەربەستەکانیدا سەر بکەوێت.

قارەمانی گێڕانەوەی کلاسیک خاوەن ئامانجێکی روون و ئاشکرایە و ئێمەی بینەر ئاگامان لە ئامانجەکەیەتی و هاوسۆز لەگەڵ ئەو بۆمان گرینگە بزانین ئەو بە ئامانجەکەی دەگات یان نا.. هاوسۆزیمان بۆ ئەو وامان لێ دەکات بە ئەندازەی ئەو حەز بکەین بە ئامانجی خۆی بگات و سەر بکەوێت.

لایەنی خێر و شەر بە تەواوی لە گێرانەوەی کلاسیکدا دیارەو سنووری دیاریکراوە. قارەمان لایەنی خێر و دژەقارەمان لایەنی شەڕە، واتە دونیای گێڕانەوە دنیایەکی ڕەش و سپییە. بەرەی خێر و بەرەی شەڕ بە ئاشکرایی دەردەکەون.

یەک رووداوی سەرەکی تا کۆتایی دەگێردرێتەوە و لەوانەیە یەک تا دوو

# وتار




ڕووداوی لاوەکیش ببن بەڵام دەبێ لە خزمەت و لە پێناو دەولەمەندکردنی دیرۆکی سـەرەکی دابن و بۆ خۆیان سـەربەخۆییان نیە . ئەگەر ڕووداوی سەرەکی بە ڕوبارێک بشوبهێنین، ڕوداوە لاوەکیەکان شیون کە دەچنەوە سەر ئەم ڕوبارە و پڕئاوتری دەکەن.

ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو (تەسادوفی) لە گێڕانەوەی کلاسیکدا زۆر کەم و ئەگەر بوونی هەبێت پێشـزەمینەی بۆ دەچندرێت. واتە ڕوداوەکانی ناو گێڕانەوەی کلاسـیک لە کەش و هەوایەکی مەنتقیدا ڕوو دەدەن و هەموو کردەوەیەک هۆکارێکی دیاری هەیە (علت و معلول).

کۆتایی گێڕانەوەی کلاسـیک داخراوە. واتە لە کۆتایی فیلمەکەدا هەموو شـتێک یـان زۆربەی شـتەکان ڕوون دەبنـەوە و پرسـیاری بێ وەڵام نامێنێتەوە .بینەری کلاسـیک لە کۆتایی فیلمەکەدا بە تەواوی سەرکەوتن یان سـەرنەکەوتنی قارەمان دەبینێت و ئەگەرچی بە درێژایی ڕووداوەکان هەناسەسوار بووەو ترس و دڵەڕاوکێ لەگەڵا بووە، بەڵام لە کۆتاییدا لەگەڵ سەرکەوتنی قارەمان ئارام دەبێتەوە و ئەگەریش کۆتایی خۆش (happy end) بێت (کە زۆربەی فیلمە کلاسـیکەکانی هۆلیـود کۆتاییەکانیان خۆشە) ئەوا بە ئاسودەیی و دڵنیایی لە هۆلأ دێتە دەرەوە.

ستراکدێری گێڕانەوەی کلاسیک سێ پەردەییە و ئەمەش هەروەک باس کرا لە درامی کۆنی یۆنانی و لە نوسینەکانی ئەرەستوو وەرگیراوە. لـە پـەردەی یەکەمدا کەسـایەتی و شـوێن و فـەزای چیرۆکەکە دەناسـرێنێت. لەم پەردەدا هێشـتا هەموو شـتێک لە سەر جێگەی خۆیەتی و ئێمەی بینەر لەگەڵ فەزاو تایبەتمەندیەکان ئاشـنا دەبین. لە کۆتایی پەردەی یەکەمدا ڕوداوێکی تایبەت ڕوو دەدات کە ئارامی و دڵنیایی و سـەقامگیری لە ناو دەبات و دنیای کەسایەتی (قارەمان) توشی نائارامی و ناسەقامگیری دەکات. بەم ڕووداوە دەوترێ (نوختەی عەتفی ١) (لە فیلمێکی ١٢٠ خولەکیدا پەردەی یەکەم بە شێوەیەکی ڕێژەیی ٢٥ تا ٣٠ خولەک دەبێت) بە درێژایی پەردەی دوەم قارەمان هـەوڵ دەدات بە هەموو هێزی خۆیەوە لەگـەڵ دژەقارەمان بکەوێتە شـەڕ و بۆ جارێکی دیکە دۆخەکە بەرەو سەقامگیری جاران بباتەوە (ئامانج) بینەر لەم پەردەیەدا بە تەواوی ئاگاداری شـەڕ و کێشـەی چڕوپڕی قارەمان و دژەقارەمان دەبێتە و لە کۆتایی ئەم پەردەیشـدا ڕووداوێکـی گرینگ ڕوو دەدات کە دۆخەکە بە تەواوی بەرەو ترۆپکی ناسەقامگیری و شڵەژان دەبات. (نوختە عەتفی ٢).

ترۆپکی شـەڕی مان و نەمانی قارەمـان و دژەقارەمان و وردە وردە بەرەو ترۆپکی چیرۆک دەکشـێن و لێرەدا لە فەزایەکی پڕ لە هەناسە سـواری و پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێدا قارەمان بە سـەر دژەقارەماندا سـەردەکەوێت...یان دەشـکێت. پەردەی دووهەم لە فیلمێکی ١٢٠ خولەک دا ٦٠ خولەک یان زیاتر دەبێت.

لە پەردەی سێهەمدا گرێکان دەکرێنەوە و پرسیارەکان وەڵام دەدرێنەوە و بـەرەو کۆتایی داخراوی چیرۆک دەڕۆین. ئەم پەردەیە لە فیلمێکی ١٢٠ خولەکدا ٣٠ یان کەمتر دەبێت.

تەکنیکی نادیار یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی سینەمای کلاسیک، واتە هەموو تەکنیکە سینەماییەکان دەبێ ئەوەندە نادیار بەکاربهێنرێن کە بینەر لە بیری بچێتەوە سـەیری فیلم دەکات! کەتی گرتەیەک بۆ گرتەیەکـی دیکە دەبێ زۆر نەرم و نادیار بێت بۆ ئەوەی «هەسـتی بەردەوامی » چیرۆکەکـە نەپچڕێت و بینەر لە چیرۆکەکە دانەبڕێت. جوڵەی کامێرا لە خزمەت هەسـتی بەردەوامی دا بێت. میزانسـێن، نواندن، دیکۆر، و.. فیلمبوونی گێڕانەوە لە بیر بینەر بەرنەوە!

ئەمانە بەشـێکن لە تایبەتمەندیە گرینگ و بەرجەستەکانی سینەمای کلاسـیک. ئەگەر «کازابلانکا»ی دەرهێنـەر مایکل کۆرتیز لە ١٩٤٢ وەک فیلمێکی نمونەیی کلاسـیک ناو ببەین بەو مانایە نیە کە تەنیا بە بینینی فیلمێک و دوان و سـیان دەتوانین هەموو لایەنەکانی ئەم سـینەمایە بناسـین. لە ڕاسـتیدا بە بینینی دەیان و سەدان فیلمی کلاسیک دەتوانێ ئێمە لە جەوهەری سینەمای کلاسیک نزیک بکاتەوە و یارمەتیمان بدات دواجار لە سـینەمای مۆدێرن و پۆسـت مۆدێرن نزیک ببینەوە...

# سینەمای کوردی و گرفتی شوناس

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com

ئەمڕۆ سینەما لە جیهاندا ڕووبەڕووی کوشندەترین «گێژاو» بۆتەوە. هەرچەندە ئەو گێژاوەی کەوا ئەمڕۆ سینەما تێیکەوتووە بەشێکە لەگێژاوێکی گشتیتر و سەرتاپاگیرتر کە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە سینەما خۆیشی لەناو گێژاوێکی تایبەت بەخۆیەتی. ئەو گێژاوە سەرجەم بوارەکانی کاری سینەماسازی گرتۆتەوە. بەڕادەیەک ئەو ناسنامەیەی کەوا سینەما تا کۆتاییەکانی حەفتاکان بەدەستیهێنا بوو، ئەمڕۆ دوای ململانێیەکی دراماتیکیانە لەگەڵ پێدراوە فیکرییەکانی پۆستمۆدێرنیتە و ئاکامە بەدەستهاتووەکانی شۆڕشی بەرپابووی زانست و تەکنۆلۆژیا دواجار ئەو ناسنامەیەی خۆی لەدەستدا، یان بزری کردووە، کە لەماوەی زیاتر لە سێ چارەگە سەدەیەک بەدەستیهێنابوو و دەکرا بەو ناسنامە هەمەڕەنگ و کاریگەرەی خۆیەوە بناسرایە. کەچی ئێستا لەقووڵترین دۆخی بێناسنامەیی خۆیدا دەژیت.

هەڵبەتە پێشتر فرە کایەیی سینەما فرە ناسنامەییەکی بە سینەما دابوو، یان ڕاستتر بڵێم؛ ناسنامەیەکی هەمەڕەنگ و موزائیکیانەی پێبەخشیبوو و تەنانەت وەک خاڵی هەرە بەهێز (ئەوەنتاژ)ی سینەما دەبینرا. بەڵام ئەمڕۆ ئەو فرە کایەییە بۆتە خاڵی هەرە لاواز (دەزئەوەنتاژ)ی خودی سینەما و دووچاری کوشندەترین گێژاو و فەوزای کردۆتەوە. مسۆگەر لەدەستدان یان بزرکردنی شوناس (ناسنامە) هەر تەنیا بەهۆی فرە کایەیی سینەماوە نییە، کە بەشێوەیەکی سەرسامکارانە و ئاوێتەکارانە تەواوی میراسی هەزاران ساڵەی هونەرەجوانەکانی داقورتاند بوو و وەک هەڵۆیەک باڵێکی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا، باڵەکەی تریشی سەرمایە و بازرگانی بوو بەرەو لوتکە هەڵدەکشا و بە چاوێکی ئیستاتیکیانەوە لەواقیعی مرۆڤایەتی دەڕوانی. بەڕادەیەک لەیەک کاتدا سیحری سەرجەم هونەرەجوانەکان، پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا، سەرمایە و بازرگانی هەڵ لۆشیبوو و لەفۆرم و جەوهەرێکی جیاوازەوە دەیبەخشییەوە بە مرۆڤ...!!

ئەگەر بەوردی لە سینەما وەک کایەیەکی جیاواز لێی بڕوانین دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەو گێژاو و فەوزایە هەر تەنیا فۆرم و شێوازەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو وەک پەتایەکی کوشندە لەئاستی واتاناسی و کۆمەڵناسییشەوە؛ زمان و جەوهەر و ناوەڕۆکیشی تەنیوەتەوە و تەواوی شوناسی سینەمای خستۆتە ژێر پرسیارگەلێکی هەژێنەرەوە، کە ڕەنگە ئەگەر وەرچەرخانێک لەکایەی سینەما ڕوونەدات ئەوا ببێتە هۆی ئەوەی قۆناخە هەرە مەترسیدارەکە دەستپێبکات و بکەوێتە جێی باسوخواس کە دەتوانم ناوی بنێم «قۆناخی مەرگی سینەما...»

بێگومان قسەکردن لەسەر ئاراستە و مەوداکانی ئەو گێژاوەی سینەما تێیکەوتووە، کە لەبنچینەدا بەشێکە لەفەوازیەکی بێسنووری کولتوور و شارستانێتی سەردەم، پێویستی بە نووسینێکی قووڵ و فراوانی تایبەت بەم باسە هەیە و لەم کورتە نووسینەمدا جێی نابێتەوە کە تایبەتە بە قسەکردنێکی پووخت لەسەر هەندێک لایەنی گێژاوە تایبەتەکەی سینەمای کوردی. دەکرێ لەدەرفەتی تردا قسە لەسەر ئەو بابەتەش بکرێ.

**سینەمای کوردی، لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، لەبنەڕەتەوە نەیتوانییوە ببێتە خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی**

بۆئەوەی نەکەوینە ناو مشتومڕی بێواتای وەک « ئایا کورد سینەمای هەیە یان نا؟!» ئەوا پێناسەیەکی سادەی دەستەواژەی (سینەمای کوردی) دەکەم. کە دەڵێم (سینەمای کوردی) مەبەستم سەرجەم ئەو هەوڵانەیە کە تاوەکو ئێستا لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا دراون و فیلمی لێ بەرهەمهاتووە و کەم تا زۆر فیلمساز و سینەماکارانی کورد تێیدا بەشداربوونە و لە گەلێک ڕووەوە دەزانرێ کە هی کوردانە. هەروەها مەبەستیشم لە شوناس (ناسنامە)ی سینەمایی: کۆی ئەو سیما و تایبەتمەندییانەیە کە لەسروشتی قوتابخانەیەکی سینەمایی یان ڕێچکەیەکی سینەمایی، یان سینەمای وڵاتێک لە قۆناخێکی دیاریکراودا هەیەتی و بەرهەمە سینەماییەکانی پێدەناسرێتەوە.






بێگومان گێژاوەکەی سینەمای جیهانی، کەم تا زۆر، کاریگەری لەسەر فەزای هونەری کوردی و هەوڵدانەکانی بواری سینەمادا هەیە و دەکرێ ئەو کاریگەرییە لەسەر دۆخی سینەمای کوردی بەڕوونی ببینین. بەڵام بۆیە گووتم؛ گێژاوە تایبەتەکەی سینەمای کوردی، چونکە ئەو گێژاوەی کە سینەمای کوردی تێوەی گلاوە زۆر جوداترە لەوەی سینەما بەگشتی لەجیهاندا دووچاری هاتووە. گێژاوەکەی سینەمای کوردی بۆیە لە گێژاوەکەی سینەما لە جیهاندا جیاوازە چونکە سینەما لەئاستی جیهاندا خاوەن ناسنامەیەکی ڕەنگین و دەوڵەمەند بووە و هەم لەڕووی چەندایەتی و هەم لەڕووی چۆنایەتیشەوە پێگەیەکی کولتووری و شارستانی لەلای مرۆڤ و کۆمەڵگاکاندا بەدەستهێنابوو و پاشان بەهۆی لەدەستدان یان بڵێم؛ ونکردنی ناسنامەکەیەوە تا دێت ئەو پێگە گرنگەی خۆی لەدەستدەدات. کەچی سینەمای کوردی؛ هەم لەڕووی چەندایەتی و هەم لەڕووی چۆنایەتییەوە، هەر لەبنەڕەتەوە نەیتوانییوە ببێتە خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی، تا بتوانێت ببێتە خاوەن پێگەیەکی هاوشێوەی ئەوەی لەجیهاندا هەیە. ئەگەر ئەمڕۆ تەمەنی سینەما بەگشتی خۆی لە سەدوپازدە ساڵێک دەدات (١٨٩٥- ٢٠٠٩)، کەچی سینەمای کوردی سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی لەپێناو لەدایکبوونیدا دراوە، هێشتا بێ تەمەن و بێ سیمایە و نەیتوانیوە ببێتە خاوەن ناسنامەی خۆی. چونکە هێشتا سینەماسازی نەبۆتە پرۆژەیەکی ژیاری و ژیانیی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، نەبۆتە کولتوورێکی کۆمەڵایەتی پێویست و کاریگەر. سینەما لەم کۆمەڵگایەدا هێشتا نەبۆتە زمانێک بۆ دەربڕین لەخود و تێگەیشتن لە بەرامبەر، ڕوانگەیەک بۆ ڕوانین لە ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگا، سەکۆیەک بۆ شیکردنەوە و واتادان بە گرفتە قورسەکان و ململانێیە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر سینەما هێشتا نەبۆتە گۆڕەپانێک بۆ بیروڕای ئازاد و ئافراندنی بەها جوانەکانی تری مرۆڤ.

بۆ تاوەکو ئێستا سینەمای کوردی لە بێ ناسنامەییدا ژیاوە؟ یان ئەگەر خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی بۆ نەیتوانیوە ناسنامەی خۆی دیار بکات و بیخاتەڕوو و بەناسنامەی خۆیەوە بناسرێت؟ مسۆگەر هۆکارگەلێک هەن کە نەیانهێشتووە سەرجەم ئەو هەوڵانەی لەپێناو لەدایکبوون و پێشخستنی سینەمای کوردی دراون بەئاقاری هەبوونی ناسنامە و دیارکردن و خستنەڕووی ناسنامە ئاراستەگیر ببن. دۆخی زاڵبوونی سیستەمی داگیرکاری و پارچەبوون و ژێردەستی خاک و گەل، باڵادەستێتی ئەقڵییەتێکی دواکەوتوو و قەدەرگەرا لەناو کۆمەڵگادا هۆکاری سەرەکیین، بەڵام ئەمانە تەنیا هۆکار نیین و ناکرێ هەموو کەموکورییەکانمان، جا لەهەر بوارێکەوە بێت، تەنیا بەو هۆکارەوە پەیوەست بکەین و لەئاست کەموکورییەکانی خۆشماندا چاو بنوقێنین و بەتەوەزەلی لێی پاڵبدەینەوە.

**سینەما لەم کۆمەڵگایەدا هێشتا نەبۆتە زمانێک بۆ دەربڕین لەخود و تێگەیشتن لە بەرامبەر، نەبۆتە ڕوانگەیەک بۆ ڕوانین لە ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگا**

بە مەزەندەی خۆم هۆکارگەلی تریش هەن کە ناهێڵن و ئاستەنگن لەبەردەم دەرکەوتن و تۆخکردنی ناسنامەی سینەمای کوردی. ئەو ئاستەنگیانەش چەند تێڕوانین و چەمکێکن کە وەک پەتا خۆی بەسەر فەزای هونەری کوردی بەگشتی و سینەمای کوردی بەتایبەتی زاڵکردووە و ناهێڵێت جوڵەیەکی داهێنەرانە و نوێ پێشبکەوێت. لێرەدا هەوڵدەدەم زۆر بە پوختی لەمیانەی چەند خاڵێکدا ڕووناکی بخەمە سەر هەندێک لەو تێڕوانین و چەمکە هەڵانەی کە پەتائاسا هەوڵدانەکان لەپێناو سینەمای کوردی بێکاریگەر و لاواز دەکەن. دەکرێ هەر قەڵەمێکی تریش قسەی زیاتر و بابەتیانەتر لەسەر ئەو مەسەلانە بکات کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەم:

١. بەهۆی ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ کەمێک بۆ سینەماکارانی کورد ڕەخساوە تا فیلمەکانیان ڕەوانەی فیستیڤاڵە جیهانییەکان بکەن، ئیتر ئەمە لەگەڵ خۆیدا وای لە سینەماکاران کردووە فیلمەکانیان تەنیا بۆ بینەری ئەورووپی و بە پێوانە و ستانداردتی ئەوان فیلمسازی بکەن و هیچ حیسابێکیش

بۆ بینەری کورد خۆی نەکەن. هەر ئەمە وایکردووە ئەوەندەی خەونی ئەو سینەماکارانە گەیاندنی فیلمەکانیان بە ڤیستیڤاڵەکان و وەرگرتنی خەڵاتێک بێت، ئەوەندە لەخەمی ئەوەدا نەبن کە سینەما وەک زمانێکی ئیستاتیکی دەربڕین و خیتابکردن روو لە بینەرە رەسەن و سەرەکییەکەی خۆی بکات کە خەڵکی کوردستانە. ئەوەندە لەخەمی ئەوەدا نەبن سینەما بکەنە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگا و مینبەرێک بۆ هوشیاری تاک و زەقکردنەوەی کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردەواری.

مسۆگەر ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ بۆ سینەماکارانی کورد، لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات رەخساوە، دەرفەتێکی چاک و گرنگە و پێویستە زۆر بەجددییەوە گرنگی پێبدرێت و بە هەند وەربگیردرێت. بەڵام ئایا فیلمێک کە هێشتا نەیتوانیبێت بینەری وڵاتەکەی خۆی تێرکردبێت و هێشتا نەیتوانیبێت سنووری وڵاتەکەی خۆی ببڕێت و لەئاستی وڵاتەکەیدا نەبووبێتە فیلمێکی سەرکەوتوو، دەتوانێ سنووری نێودەوڵەتی ببڕێت و ببێتە فیلمێکی جیهانی؟! بە مەزەندەی خۆم هەر بەرهەمێکی هونەری یان ئەدەبی تا سنووری وڵاتەکەی و هەرێمەکەی نەبڕیبێت ناتوانێت سنووری نێودەوڵەتی هەر وا بەئاسانی ببڕێت و ناسنامەی بەرهەمێکی جیهانی وەربگرێت. هەڵبەتە مرۆڤ دەرک بەوە دەکات مەرجێکی سەرەکی زۆرێک لە ڤیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان ئەوەیە کە نابێت فیلمی بەشداربوو پێشتر لەهیچ شوێنێک نمایش کرا بێت. مەرجێکی وەها هەیە. بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە، فیلمەکە هەر لەبنەڕەتەوە بە لۆژیکی «بۆ بینەری دەرەوە و بەستاندارتی ڤیستیڤاڵەکان» بەرهەمهێنراوە و هیچ حیسابێکیش بۆ چەشەی بینەری کورد نەکراوە. لەوانەیە ئەو لۆژیکە خۆی بەو بیرکردنەوەیە بسپێرێ کە پێی وایە «دەبێت سینەما رۆڵێکی گرنگ

**بیرکردنەوە بە لۆژیکی هۆلیوودی**
**بیرکردنەوەیە لە کوشتنی سینەما**

ببینێت لە ناساندنی دۆزی رەوای گەلەکەمان و ئێش و ئازار و ئاواتەکانی بە جیهاندا» ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵە نییە و لەجێی خۆیشی دایە کە هونەرمەندانی گەلیکی ژێردەستە بۆ ناساندنی دۆزی گەلەکەیان و ئێش و ئازاری گەلەکەیان بە گەلانی جیهان و سەکۆ نێودەوڵەتییەکان فیلمەکانیان خیتابی جیهان بکات. تا ئێرە ئەمە راستە. بەڵام ئەمە بۆتە پەتایەکی مەترسیدار. چونکە ئیتر وای لێهاتووە فیلمەکان بۆ بینەری کورد بەرهەمنەهێرێن، هەروەها وایکردووە فیلمەکان تەنیا لەتەوەری چەند بابەتێکی دیاریکراو و ناسراوی وەک (کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالەکان، قاچاخچێتی سەر سنوورەکان...هتد) بسوڕێنەوە و بەسوود وەرگرتن لەناوبانگی ئەو کارەساتانە فیلمەکان بەرهەمهێنراون. ئەمەش وایکردووە زمانی دەربڕینی فیلمەکان بەو رادەیەی زمانی گێڕانەوەیەکی ئاسایی رووداوەکان و وێناکردنێی رووکەشانەی واقیع و لاساییکردنەوەی رووداوە واقیعیەکە بێت ئەوەندە روانینێکی ئیستاتیکیانە و فەلسەفیانە نەبیت بۆ خودی رووداوە واقیعیەکە، ئەوەندە ئیشکردن نەبێت لەسەر زمانی تایبەتی هونەری سینەما. بۆیە لەوانەیە ئەمجۆرە فیلمانە، بۆ ئەو بینەرانەی رووداوەکانیان نەبینیوە و لەدوورەوە بیستوویانە کاریگەری لەسەر ویژدان و هەستی ساردو سڕیان بکات، یان لەبەر هەندێک ئیعتیباراتی سیاسی کاتیی، ئەم ماوەیە گرنگی بەهەندێ لە رووداوی کارەساتباری کوردان بدرێت و تەنانەت خەڵاتداریش بکرێن. بەڵام هەر هەمان فیلم کاتێک کە بۆ بینەری کورد نمایش دەکرێت کاریگەرییەکی ئەوتۆ ناکاتە سەر ویژدان و هەست و یادگا و بیرکردنەوەی بینەری کورد. ئەمەش لەبەر هۆکارێی زۆر سادە؛ چونە بینەری کورد ئەوەی لەواقیعەکەدا بینیویەتی یان بیستوویەتی زۆر کاریگەرترە لەوەی کە لە فیلمەکەدا دەیبینێت. ئەمە لەکاتێکدا دەبێت هونەر لە خودی واقیعەکە بەکاریگەرتر بێت.!!. ئەمە جگە لەوەی لەئاکامی ئەو لۆژیکە سەقەتەدا دەبینین؛ بینەری کورد لەبینینی زۆربەی ئەو فیلمانە بێبەشکراوە کە بەرهەمهاتوون و رەوانەی ڤیستیڤاڵەکان کراون و هەندێکیان خۆشبەختانە خەڵاتیش کراون. تەنانەت زۆرێک لەو فیلمانە دوای بەشداریکردنیشیان لەڤیستیڤاڵەکە هەر بۆ بینەری کورد نمایش ناکرێت. وەک بڵێی بینەری کورد شایستەی بینینی ئەو فیلمانە نەبێت. ئەمەش لۆژیکێی مەترسیدارە. هەروەها ئەم لۆژیکە وادەکات کاتێک کە



# وتار




فیلمەکە بۆ بینەری کورد نمایش دەکرێت کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر بیر و چەشەی بینەری کورد ناکات. بۆ؟ چونە لەبنەڕەتدا بینەری کورد حوزورێکی ئەوتۆی لە پرۆژەکاری هونەرمەندەکەدا نییە. ئیتر ئەمجۆرە بیرکردنەوە و تێڕوانینە وایکردووە، فیلمە بەرهەمهێنراوەکان نامۆ بن بە بینەری کورد و بینەری کوردیش نامۆ بێت پێیانەوە. کەواتە سینەما چۆن دەبێتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگا و چوون سینەما کاریگەری لە یادگا و هوشیاری تاک و کۆمەڵگادا دەکات؟!

٢.هەڵبەتە گرنگە کارەساتەکانی وەک (کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالەکان، قاچاخچێتی سەر سنوورەکان...هتد) ببنە سەرچاوە و هەوێنی سەدان فیلم بە روانینی جیاواز. هەرچەندە تا ئێستا هیچ یەکێک لەو فیلمانەی لەسەر ئەو رووداو و کارەساتانە بەرهەمهاتوون نەیانتوانییوە کاریگەرییەکانیان لەسەر هەست و ئەقڵ و ویژدانی بینەری کورد لە خودی رووداوە واقیعییەکە خۆی زیاتر بووبێت. بەڵام با بەفیلمکردن و بابەتکردنی ئەو رووداوانە نەبێتە هۆی خۆ دزینەوە لە کێشە و گرفت و ململانێیەکانی رۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەمان. وەک چۆن کاتی خۆی زۆربەی سینەماکارانی سۆڤییەتی جاران لەترسی دەسەڵاتی ئەوکاتە دەستبەرداری کێشە و ململانێیە هەمەلایەنەکانی ئەوکاتەی کۆمەڵگای سۆڤییەتی ببوون و هەر خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمە داستانییەکان و فیلمە مێژووییەکان بوو.

وەک دەزانرێ ئەو رووداو و کارەساتانە لەرابردوودا روویانداوە و سپێردراون بە مێژوو. مسۆگەر تا خویندنەوەیەکی روون و راستمان بۆ مێژوو نەبێت ناتوانین لە ئەمڕۆ و داهاتووش تێبگەین. بەڵام قسەکردن لەسەر ئەمڕۆ وەک قسەکردن نییە لەسەر مێژوو، کە رەنگبێ قسەکردن لەسەر مێژوو سەرئێشەی کەمتر بێت. بەتایبەتی قسەکردن لەسەر ئەو رووداو و کارەساتە مێژووییانە بێت کە بەدەستی رژێمێکی درندەی رووخاودا روویدا بێت، هیچ سەرئێشەیەکی بەدواوە نییە..!! بەڵام قسەکردن لەسەر ئەو رووداو و کارەساتانەی بەدەستی کورد و هێزە کوردییەکان خۆیان روویداوە، ئەوا بەهەمان شێوەی قسەکردن لەسەر رووداو و گرفت و ناکۆکییەکانی رۆژگاری ئەمڕۆ دەچێتە خانەی بڤەوە و سەر ئێشەی زۆری بەدواوەیە. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری سینەماکاران خۆیان لەو دوو مەسەلەیە بەدوور دەگرن و خۆیان تووشی سەرئێشە و هەڵوێستی بوێرانە ناکەن، ناچار پەنا وەبەر بە بابەتکردن و بە فیلمکردنی ئەو رووداو و کارەساتانە دەبەن کە بێ سەرئێشەیە و لەهەمانکاتیشدا بۆ بینەری بیانی و لەبەر ئیعتیباراتی سیاسییش بۆ ڤیستیڤاڵەکان گونجاو و بەکاریگەرە و ئەگەری ئەوەش هەیە خەڵاتیشی بەدواوە بێت. بەڵام ئەو سینەماکارانە ئەوە لەیاد دەکەن کە خەڵاتی هەرە گەورە و بەهادار ئەو خەڵاتەیە کە





بتوانیت هەست و ویژدانی بینەری وڵاتەکەی خۆت بهەژێنی و چەشە و بیرکردنەوەی ئەوان بگۆڕیت و فیلمەکەت لەیادگای ئەواندا بەکاریگەری و نەمری بمێنێتەوە و دواجار لەمیانەی فیلمەکەی خۆتەوە سینەما وەک کولتوورێک بچەسپێنی...

٣. هەروەها خاڵێکی تر کە خوازیارم بە پوختی قسەی لەسەر کەم ئەوەیە؛ یەکێک لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکانی ئەو گێژاوەی ئەمڕۆ سینەما لە جیهاندا تێوەی گلاوە «مۆدیلی سینەمای هۆڵیودی»یە. لەبنەڕەتدا گێژاوەکە بەرهەمی خودی ئەو مۆدێلە خۆیەتی و بەدوایدا تەواوی سینەمای تەنیوەتەوە. هەڵبەتە ئەمە قسە و باسێکی زۆری دەوێ و ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم بابەتەوە. کەچی زۆرێک لە سینەماکاران بەخوڵیاو و تامەزرۆییەکی زۆرەوە هەوڵدەدەن لەمیانەی فیلمەکانیانەوە ئەم مۆدێلە پڕ لە گێژاوەی سینەما بکەنە بنەما و بناخەی سینەمای کوردی و بە زمان و شێواز و بابەتگەلی ئەو مۆدێلەوە بینای سینەمای کوردی هەڵچنن و بیکەنە خاوەن هەمان مۆدێل و هەمان ناسنامە.

بە مەزەندەی خۆم؛ ئەم لاساییکردنەوەیەی مۆدێلی هۆڵیودی جگە لە گواستنەوەی تەواوی گێژاوەکانی ئەم مۆدێڵە بۆ ناو سینەمای تازە نەشونماکراوی کوردی هیچیتر ناگەیەنێت. سینەمای گەلێکی ژێردەستە بەو مۆدێلەی سەرمایەداری نابێتە خاوەن ناسنامە و پێگە. بیرکردنەوە بە لۆژیکی هۆڵیوودی بیرکردنەوەیە لە کوشتنی سینەما، بیرکردنەوەیە لە مەرگی زمانی سینەما...بە مەزەندەی خۆم هەر پرۆژەیەکی سینەمایی لەسەر بنەمای ئەو مۆدێلە بناخەکەی دابڕێژرێ ئەوا دواجار پرۆژەیەکی ناکامڵ و سەقەت و سەرنەکەوتوو دەبێت. لەبەر هۆکاریکی سادە؛ ئەو مۆدێلە مۆدێلی سیستەمی سەرمایەدارییە بۆ سینەما، کە لەبنەڕەتدا سینەماش وەک هەر شتێکیتر وەک کاڵا و سەرچاوەیەک بۆ قازانج دەبینێت. هەڵبەتە لەپشت ئەو بەکاڵاکردن و قازانجەشدا دەیان و سەدان کۆمپانیای بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری هەیە. کە کۆمەڵگای ئێمە نەک هەر ئەوجۆرە سەرمایە و کۆمپانیایانەی نییە، بەڵکو کارەساتە گەلێگی ژێردەستە و قوربانی سیستەمی سەرمایەداری بەرەو بنیادنانی ئەو سیستەمە هەنگاوبنێت و لەهەوڵی لاساییکردنەوەی کولتوور و مۆدێلەکەی ببێت.

هۆڵیوود، کە شێرپەنجەی سینەمایە لە جیهاندا، ئەمڕۆ ئەو مۆدێلە سینەماییە ناسنامەی سینەمای فەوتاندووە و بەرەو مەرگێکی دراماتیکیانە ئاراستەگیری کردووە، ناکرێ گەلێکی ژێردەستەی بێ سینەما بۆ بنیادنانی سینەمای خۆی و بە کولتوورکردنی سینەما و بە ناسنامەکردنی سینەما، لەهەوڵی لاساییکردنەوەی ئەو مۆدێلە بێت. ئەمە بەو مانایە نایەت لە سێبەری ئەو مۆدێلەدا بەرهەمی سینەمایی شاکار بەرهەم نەهاتووە، یان نابێت هیچ سوود لەو مۆدێلە وەربگیردرێت. دەکرێ سوود لە هەموو مۆدێل و قوتابخانە و رێچکە سینەماییەکان وەربگیردرێت. بەڵام بە بنەماگرتنی مۆدێلی کار و شێوازی هۆڵیوودی هەڵەیەی کوشندەیە و هەرگیز سینەمای کوردی ناکاتە خاوەن ناسنامە و بەرهەمی شاکار و نەمر...

بۆیە بە قەناعەتی من دەکرێ سوودێکی زۆر لە قوتابخانەی واقیعییەتی ئیتاڵی و شەپۆڵی نوێی فەرەنسایی و مۆدێلە سەرکەوتوو و هەڵکشاوەکانی ئاسیا و رۆژهەڵات (میسر، ژاپۆن، ئێران) وەربگیردرێت، کە ئەو مۆدێلانە زۆر نزیکن لە سروستی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی






و ئەتنیکی کۆمەڵگای کوردەواری. هەروەها دەکرێ نموونەی ڕێچکەی سینەمایی هونەرمەند یڵماز گونای سوودیی زۆری لێوەربگیردرێت کە لەدەرەوەی ئەقڵییەتی هۆڵیوودی گەشەی کردووە. دەکرێ قوتابخانە و ڕێچکەی نوێی سینەمای دابهێنرێت، کە دواجار دەبێتە بەشێک لەناسنامەی سینەمای کوردی.

هەڵبەتە چەندین بابەتگەلی تر هەن کە پێویست دەکات لەهەمان چوارچێوەدا قسە و باسیان لەسەر بکرێ. بەڵام ئەوەی ئاماژەم پێیاندا بەسن بۆ کردنەوەی دەرگای قسەکردن لەسەر ئەو باسوخواسە گرنگانە. کە هیوادارم قەڵەمی تر بتوانن وردتر و قووڵتر ڕاڤە و تاوتوێی بکەن. بەڵام پێمباشە لەکۆتایی ئەم بابەتەدا بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پەیامی

**سینەما واقیع نییە و لاساییکردنەوەی واقیعیش نییە، بەڵکو ڕوانینێکە بۆ واقیع**

ئەمڕۆی سینەما پێناسەیەکی جوان و چڕوپڕی ئەمیر ئەلعومەری ڕەخنەگری سینەمایی میسری و خاوەنی وێبلاگی (حیاه فی السینما Life in Cinema) وەربگێڕم کە بۆ وەڵام بە پرسیاری «سینەما چییە؟»دا، وەها پێناسەی سینەما دەکات:» سینەما جوانی ژیانە، بەڵام لەچاوی سینەماکاری بەهرەمەندا. سینەما خۆی سیحرە، سیحری ئەو ئەکرانە (شاشە)یە کە لەناویدا بەتاریکاییدا هەڵدەزنێین بۆ ئەوەی لەجیهانێک لە خەیاڵی هونەری جوانمان بەڕەڵلا بکەین، کە دەمانباتە جیهانە دوورەکان، ئیتر دەتوانین رابمێنین و بیربکەینەوە و خەیاڵەکانمان بەرەڵابکەین، جیهانێک توانستی ئەوەمان پێدەدات کە بیر لەواتای ژیان لە مەغزای بوون بکەینەوە، بیرکردنەوە لەوەی کە دەیکەین و لەواتادان بەو ساتەی کە تێیدا دەژین، هیوامان بۆ داهاتوویێکی باشتر و تەنانەت بۆ جیهانێکی باشتر پێدەبەخشێ، وامان لێدەکات لەبەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمکاری و نادادی و دەستدرێژیکردنەی لە پاکیزەیی ژیان دەکرێت، هاوار بکەین.

سینەما هونەری داماڵینە، داماڵینی ئەو تویکڵە ساختەیەی لەدەرەوەدا دەوری واقیع و مرۆڤی لەناو واقیعدا داوە، حەقیقەت دەدۆزێتەوە و درۆکان دادەماڵێت، چەندە فیلم بە وێناکردنی ژیان گەیشتبێت، بەڵام نابێتە جێگرەوە (بدیل)ی ژیان، سینەما واقیع نییە و لاساییکردنەوەی واقیعیش نییە، بەڵکو ڕوانینێکە بۆ واقیع، دۆخێکی فەلسەفییە بۆ واتای ئەوەی کە دەژین و رادەمێنین. ڕەنگبێ دوای ئەوەی کە ئێمە دەردەچینەوە - لەنمایشگای سینەما - بۆ ناو ژیان توانای تێگەیشتن و زانین و چێژ وەرگرتنمان زیاتر بووبێت. سینەما لەناخی ژیان دایە، بەڵام نەک جێگرەوەی بێت، ژیانیش بەبێ سینەما ئەزموونێکە زۆرێک لەزیندەگی تێدا کەم دەبێت.»



# سینەما
## لە نێوان نەمانی هۆڵەکان و بینەری راستەقینەدا

سەلاح مەزن
selahmezin@yahoo.com

رەنگە هەندێ بۆچونی وا هەبێت، کە گوایە نەمری سینەما بەسەرچوبێ، هەروا ئەفسانەی سەدەی بیستەم (دنیای ئەکتەرە ناودار و ئەستێرە سیحراوییەکانی سینەما) کۆتاییان پێهاتبێ، بڵێن با سینەما مەرگی خۆی پەیام بکا.

چاکە دەی، ئیتر چیرۆکەکانی ئەوین و تراژیدیا ئامێز، رووداوەکانی مێژوویی و رۆمانە بەناوبانگەکان، چیتر نابنە جێ سەرنجی بینەران و خەڵک بە دیار شاشەکانی سینەما حەشامەت ناکەن، لە بەرانبەریشدا، ئەوە راستە لێرەو لەوێ سینەما لە هەڵکشان و داکشاندایە، وەلێ لە ئەفراندن نەکەوتوە و دەکرێ بڵێین، ئەگەرچی سینەما لە هەندێ جێگای ئەو گۆی زەمینە لە رەوشێکی خراپدایە، لەولاشەوە لە هەندێ وڵات و دورگە لە کێبرکێی داهێنانو خۆنوێکردنەوە نەکەوتوە، ئەوەتانێ سینەماکانی ئەورووپی، هیندی و جیهانی سێیەم لە هەوڵدان جێگاکانی دیکە بۆ رکابەریکردن و لاوازکردنی جێپێی جۆرە فیلمی بازرگانی و بێناوەرۆکی هۆلیوودی! فیستیڤاڵەکانی نێونەتەوەیی و هەرێمی سینەما لەسەر ئاستی جیهانی بەڵگەی بە هێزن بۆ بوچونەکانم.

ئەگەرچی دەمێک ساڵە، یان زیاتر لە نیو سەدەیە، فیلم لە کوردستان هاتۆتە پیشاندان و خەڵک سینەمایان ناسیوە، لەو دەمەوە سینەما بۆتە جێگایەک بۆ کات بەسەربردن و پشودان، فیلمیش بۆتە سەرچاوەیەکی رۆشنبیری، هۆشیاری و چێژلێوەرگرتن و تێرکردنی ئارەزووەکان، تەنانەت لە نیو سەدەی رابردودا، سینەما وەک هۆکارێکی میدیاو دیاردەیەکی کولتوری و کۆمەڵایەتی لە پرۆسێسی شارستانی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، بەشداربوە.

**بەهای سینەما جگە لە تاریکی هۆڵ و جولەی تیشکەکان، بەشێکی زۆریشی بۆ کوالیتی و جوانی ئەو دیمەنانە دەگەڕێتەوە، کە لە فیلمی (٣٥ ملم) بەرجەستەدەبن**

کەچی ئەمرۆ لە کوردستاندا، شتێک نەماوە ناوی سینەماو هۆڵی پیشاندانی فیلم بێت، لەولاشەوە لەسەر بودجەی هەرێم و بۆ مەبەستی ریکلامی سیاسی، فیلم بە پێی ویستی بینەری ئەورووپی و شەرایەتی فیستیڤاڵەکان دروست دەکەن!! لە کوردستانیش هۆڵەکانی سینەما دادەخرێ، دواتریش دەبنە کۆگاو گەراجی ماشێن، یانیش تەخت دەکرێن، سەیرە هۆڵی سینەمامان نەبێ! کەچی فیلم بۆ فیستیڤاڵەکان چێبکرێت!

بۆ سینەما لە وڵاتەی ئێمەدا، چارەنوسی بەو ئاکامە گەیشت و نەوەی نوێ بۆی نەلوا لە هۆڵە تاریک و ئارامەکانی سینەمادا، تامۆچێژ لەو هونەرە جوان و پڕ لەزەتە وەربگرێت.

لە وڵاتانی سیستەم تۆتالیتار و دیکتاتۆردا، دەیان کۆت و بەند بۆ سینەما دادەنرێت، سینەما دەکرێتە ئامرازێک بۆ پرۆپاکەندەی دەوڵەتی و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای رەسمی حزب و دەسەڵات، سەرباری ئەوەش فیلمی جوان و مانادار هەر دەمێنێ، لە سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری پێشودا، وێڕای چاودێری و کۆنترۆڵکردنی سینەما لە لایەن دەزگای تایبەتەوە، کەچی سینەما وەک هونەرو دیاردەیەکی کولتوری و شارستانی هەبوە، جگە لەوەی ناوە ناوە فیلمی باش پیشاندەدرا، ناوە ناوەش هەفتەی فیلمی بیانی بۆ سینەمای فەرەنسی، ئیتالی، روسی، یابانی و. تاد. لە بەغدای پایەتەخت بەڕێوەدەچوو، بە هەموو پێوەرەکان تا ناوەڕاستی هەشتاکانیش سینەما چالاک بووەو کاریگەری پۆزەتیڤ و نێگەتیفی خۆیشی بەسەر بینەر و تاکەکانی کۆمەڵگا هەبوە.

گەر وابوە، ئەدی ئەو کەش و هەوایەی سینەما چی بەسەر هات، لەبەرچی رەوشی سینەماکانی کوردستان ئاوا بەرەو وێرانی چوو؟ تا کار بەوە بگات، هێنان و دابەشکردنی فیلم و پیشاندانی فیلم چ وەک هونەر یانیش وەک کالایەکی بازرگانی بە هەرمێن جێپێی بۆ نەمێنێ!

لە سەرێکەوە، دیاردەکە جیهانییە، بەڵام سینەما کۆتایی پێنەهاتوە، راستە لە هەندێ وڵات بینەری کەم بووە، کەچی لە کوردستان بەرەو نەمان دەچێت، ئەگەرچی ژمارەیەک هۆکاری رابردوو هەنوکەیی لە پشت ئەو قەیرانەی بینەر و کێشەی نەهێشتنی هۆڵی سینەماکانن، کە لە دوای راپەرینەوە، بەشێکی زۆری ئەو ئەرک و بەرپرسیاریتییە لە ئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری و شارەوانییەکان و. تاد. بوە، کەچی ئەو لایەنانە بەرنامەیەکی نەخشەکێشراویان بۆی نەبوە.

شاراوەنییە کە ئەو قەیرانە لە سایەی دەسەڵاتی بەعس سەریهەڵدا، یان بە مەبەستی ویستیان بەهایەک بۆ ئەو ئامرازە کولتوری و راگەیاندنە پڕبایەخە نەهێڵنەوە، لە لایەک کەرتی سینەما بە هەموو بەشەکانیەوە، لە لایەن دامودەزگای تایبەت و نهێنی سانسۆر و کۆنترۆڵ کرابوو، ئەمجار لە ئاکامەکانی شەڕی رژێم لەگەڵ ئێران و کوێت و پیادەکردنی سیاسەتی رەگەزپەرستی و توندوتیژی دژ بە تاکو پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، هەروا پیشاندانی فیلمی بێ ناوەرۆک و ئاست نزم، لەوانەش فیلمی (سێکسی) بوونە هۆی ئەوەی کە هۆڵەکانی سینەما بە نزم تەماشا بکرێن و بینەری راستەقینە لە سینەماکان دور بکەونەوە، تەنانەت ناوەندە

**نیشاندانی فیلمی بێ ناوەڕۆک و ئاست نزم، وەک فیلمی (سێکسی)، بوونە هۆی ئەوەی هۆڵەکانی سینەما بە نزم تەماشا بکرێن**

سونەتییەکانی کۆمەڵگەش دەرفەتیان وەرگرت، بۆ ئەوەی سینەما لەبەرچاوی خەڵک سوک تەماشا بکرێت.

هەروا لە ماوەی دە دوازدە ساڵی شەڕی عێرق لەگەڵ دراوسێکانیدا، لەشکرێک لە راکردوانی شەڕ دروست بوو، هۆڵەکانی سینەما جێگایەکی لەبار بوو. بۆ بەشێک لەو لاوە راکردوانە، تا کاتی تێدا ببەنە سەرو سودو چێژ لە فیلم و هۆڵی سینەما ببینن، تا سەر ئەوەیان بۆ مەیسەر نەبوو، چونکە جارجارە، لە لایەن هێزەکانی ئەمن و ئینزیبات و مەفرەزە هاوبەشەکانی رژێمی روخاوەوە، سینەماکان دەکەوتنە بەرشاڵاوی پشکنین و پرسیارەوە. ئەوەش هۆکاریکە، کە وایکرد لاوەکان لە سینەما دور بکەونەوەو هۆڵەکانی سینەما چۆڵ بن و پەنجەرەکانی فرۆشتنی بلیت بازاریان نەمێنێ.

بەڵام لە هەمو هۆکارەکان کاریگەرتر، دیارە ئەو ئابلوقە ئابورییە بوو، کە بەسەر عێراق داسەپاو، کوردستانیش لە زیانەکانی بێبەش نەبوو، ئابلوقەکە کەرتی بازرگانی هێنان و دابەشکردنی فیلمی سینەماشی گرتەوە، تا کار بەوە گەیشت، فیلمی فیدیۆیی لە رێگای ئامێری (پرۆجکتۆر)ەوە، لە سینەماکان پیشان بدرێت، ئەوەش تەواو لە بەهاو هێزی هونەری حەوتەمی کەمکردەوە، چونکە بەهای فیلمی سینەما جگە لە تاریکی هۆڵو جولەی تیشکەکان، بەشێکی زۆریشی بۆ کوالیتی و جوانی ئەو دیمەنانە دەگەڕێتەوە، کە لە فیلمی (٣٥ ملم) بەرجەستەدەبن.

هۆکارێکی دیکەش، دیارە ئەو شۆرشە تەکنەلۆژیو زانیارییە جیهانیەیە، تا ئەمڕۆش لە ئارادایە، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە داهاتی تاک لە ئاستی بەرز دایە، وەک وڵاتانی دەوڵەمەندی پیشەسازی و هەندێ لە وڵاتانی پەرەستێن و تازەپێگەیشت و، لەوانەش وڵاتانی خاوەن نەوت، کشتوکاڵ، بازرگانی و. تاد. بە تایبەتیش لە سایەی گلۆبالیزم و رکابەری بازرگانی ئازاددا.

کە تاک لە توانایدا هەیە، هۆکارەکانی میدیا و زانیارییەکان لەوانەش ئامرازەکانی تەلەفزیۆن و هاوشێوەی سینەما لە ماڵەکەی و جێگای کارو کاتبەسەربردن بۆ خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بە ئاسانی و بێ ماندو بوون، دەستەبەربکات، وەک فیلم، ئامێر و بەرنامەکانی سینەما، ڤیدیۆ ئەنتەرنێت، کە بە سیستەم و شێوەی جیاجیا بە ئاسانی و هەرزانی دەستدەکەون.

وەلێ هەر لەو سۆنگەیەوە، خۆ دەمێک ساڵە لە وڵاتانی پێشکەوتودا، ئەو هۆکارانە بە کوالیتی بەرز و جۆری باش دەستەبەرکراون، کەچی بینەری فیلم و هەوادارانی فیلم، سینەما وەک سەرچاوەیەک بۆ چێژو هەوەس، ئامرازێکی هونەری و کولتوری، بە بایەخەوە لێی دەنۆڕن، کەواتە بەشێک لە قەیرانەکە پەیوەندی بە خودی بینەرو میتۆدی چۆنیەتی گەیشتنی بە سەرچاوەکانی گەیشتن بە چێژی هونەری، تێرکردنی هەوەسەکان، گەیشتن بە سەرچاوەکانی کولتورو زانیارییەکانەوە هەیە.

ئەرکی هەرە گەورەش، لە ئەستۆی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکانەوەیە، کە دەبوو زووتر مشورێکیان لەم کێشەیە بخواردبایەو بە ئەرکی خۆیان هەڵبسانایە، بۆیە هەرچی زووە، با هۆڵەکانی سینەما چاکبکرێنەوەو هۆڵ و سینەمای سەردەمیانەو بەسیستەمی دیجیتاڵ و بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان دابمەزرێن، هەروا دەکرێ، هێنانی فیلم بۆ هۆڵەکانی سینەما بە هەماهەنگی و ئاسانکاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی جێبەجێبکرێت.











# دەرهێنەر و ژانری فیلم

وریا غەریب*

کاتێک دەرهێنەر بیر لەوە دەکاتەوە فیلمێک دروست بکات، پێویستە پرسیارێکی جەوهەری و گرنگ لەخۆی بکات، ئایا دەیەوێت چ جۆرە فیلمێک دروست بکات؟ ئەم پرسیارە وادەکات دەرهێنەر ستایلێک بۆخۆی دیاری بکات و بگەڕێت بەدوای جۆری ئەو بابەتەی کەمەبەستیەتی، چونکە جۆری بابەت دەستنیشانی ژانری فیلم دەکات، ئەم دەستنیشانکردنەی جۆری بابەت و ژانری فیلم، ئاڵۆزییەک دروستدەکات بۆ دەرهێنەر ئەویش ئەوەیە تاکو چەند دەتوانێت ژانری فیلم بەسەر جۆری بابەتەکەدا بسەپێنێت.

ئەرکی دەرهێنەر لێرەدایە کەتاکو چەند وەزیفەکانی خۆی دەناسێت لەناو یاسای ژانرە جیاوازەکاندا بەسەر بابەتی دیاریکراودا، هەروەها چۆن تێهەڵکێشییەک لەنێوان ئەو دوولایەنەدا دەکات، چونکە هەر ژانرێک کۆمەڵە یاساو بنەمایەکی هەیە کەجۆری ئەو فیلمەی لەسەر بونیاد دەنرێت.

وەزیفەی دەرهێنەر ئەوە نییە بەتەنها بەوێنەکردنی بابەتە نووسراوەکان بێت، بەڵکو هەر بابەتێ جۆرێک ریتم لەخۆدەگرێت و پێویستی بە وێنەگرتنی تایبەت هەیە، سەرەڕای جۆری لۆکێیشن و ئەتمۆسفێرو جۆری دیزاینی جلوبەرگ و ماکیاژو.. هتد، جیاوازیان هەیە.

کاتێ دەرهێنەرێک بابەتێکی ئینتباعی هەڵدەبژێرێت دەبێت بزانێت وێنەگرتنی ئەمجۆرە بابەتە نابێت وێنەگرتنێکی ئاسایی بێت، بەڵکو دەبێت لەکاتی وێنەگرتندا جەخت لەسەر (گۆشەی ناپێوانەیی) بکاتەوە، ئەم گۆشەیە شێوەی کەسێتی و راستییەکانی دەورووبەر دەشێوێنێت، بۆ ئەوەی بەڕوونی سروشتی فیلمە درامییەکە بخاتەڕوو، کەسەرەنجام فیلمێکی ناسروشتی لێ پێکدێت، چونکە زیادەڕۆیی هەیە لەگۆشەکانداو گرنگی نادرێت بەڕوونی وێنە، بەڵکو گرنگی بەناوەڕۆک و جەوهەری بابەتەکە دەدرێت. نابێت ئەوەمان بیربچێت لەم جۆرە فیلمەدا دەرهێنەر سەرنجی بینەر بۆ کامێراو ئامێرەکانی وێنەگرتن رادەکێشێ، ئەمەش بەپێچەوانەی فیلمە واقیعی و داستانییەکانە کەدەرهێنەر نایەوێت بینەر هەست بەبوونی کامێرا بکات، بەڵکو گرنگی بەبەردەوامی چیرۆکەکە دەدات بەجۆرێک هەوڵدەدات کەفێڵێک بکات لەجۆری بڕین (cut) کەم بێت. بۆ ئەوەی جەخت لەسەر روونی وێنەکان و پاڵپشتی چیرۆکی فیلمەکە بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی کەفیلمی داستانی لەسەر جوانی وێنە وەستاوە کەبنەماکانی شێوەکاری لەخۆ دەگرێت و زیاتر لەمانایەک هەڵدەگرێت، واتە ئامادەکاری زۆری پێویستە بۆ دروستکردنی کۆمپۆزیشن بۆ هەرکادرێک.

فیلمی کۆمیدی لەسەر جۆری گرتە (shot) وەستاوە، کەزۆربەیان قەبارەیان (long shot) (medium American)ن، کە (close up) تیایدا کەمە، ئامانج لەبابەتی کۆمیدی دروستکردنی پێکەنینە، ئەمەش بەو قەبارە دوورانە دروستدەبێت، چونکە گرتەی نزیک سۆز دەجوڵێنێت و بەزەیی دروستدەکات. ئەگەر کەوتنی کەسێک بەنموونە وەربگرین، لەنزیکەوە بەزەیی دروستدەکات، بەڵام لەدوورەوە




بەگرتەیەکی گشتی پیشانبدرێت، پێکەنین هێنەرە.
بەڵام فیلمی سیاسی لەسەر جوانی فیکر بونیاد دەنرێت، ئیدی ئەو فیکرو بیرۆکەیە تاکو چەند دەتوانێت هونەری هزری لای بینەر دروستبکات، بەجۆرێک زۆرترین سەرنج و تێگەیشتن لەخۆبگرێت، ئەم جۆرە فیلمانە لەلایەن دەرهێنەرانێکەوە دروستدەکرێن کەخاوەنی دیدێکی قووڵی ستاتیکین، چونکە ئەمجۆرە کارانە ئەگەر بەسەرکەوتوویی بکرێن لەزاکیرەی بینەردا دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بینەرێکی دەستەبژێریان هەیە، چونکە هەڵگری چەندین سیمبۆلو مانای قوڵن، هەرئەمەش وایکردووە ئێستا لە هۆلیود لەمجۆرە فیلمانە کەم بەرهەمدەهێنرێن، ژانرەکانی فیلم زۆرن و قسەکردن لەسەریان کارکردنی زۆری گەرەکە.
بەڵام ئەوەی گرنگە لەم باسەدا ئەوەیە کەهەر فیلمێک بۆئەوەی بناسرێتەوەو بزانرێت سەر بەچ ژانرێکەو گوتاری ئەو فیلمە چیە، پێویستە بەرچاوڕوونییەک هەبێت بۆ بینەر لەبابەتی فیلمەکاندا، نابێت لەفیلمێکدا چەندین سەرەداو تێکەڵ یەک بکرێ، چونکە هونەری فیلمسازی ئەفسوونێکی وەهای تیادایە کەدەتوانرێ بابەتی بچوک گەورەو فراوان و بکرێت، نەک چەندین بابەتی گەورە بهێنین و تەسک و بچووکی بکەینەوەو بەناتەواوی هەموو بابەتەکان بخەینەڕوو، نەتوانرێت چارەسەری تەواویان بۆ بدۆزرێتەوە،ئێستا یەکێک لەخەڵاتەکانی ئۆسکار بۆ (معالجە) چارەسەری بابەتەکانی فیلمە، ئەگەر لەهەر فیلمێکدا یەک بابەتی سەرەکی هەبێت دەرهێنەر و دراماتۆرگ پێکەوە دەتوانن باشترین چارەسەر هەڵبژێرن بۆ بابەتەکەیان، بەڵام زۆری بابەت لەناو فیلمدا جگە لەوەی ژانری فیلم ون دەکات، دەرهێنەرانیش چارەسەری هێڵی ڕوداوەکانیان نییەو بەناتەواوی جێیدێڵن بۆ بینەر بەو ئامانجەی کەبینەر بەشداربێت. بەڵام ئەمە ناتەواوی فیلم و ناپرۆفیشناڵی دەرهێنەر دەردەخات، کەواتە کەمترین بابەتی فیلم ژانرێکی دیاریکراوی باشی لێ بەرهەمدێت.

***قۆناغی چوارەمی**
**بەشی سینەمای کۆلێژی**
**هونەرەجوانەکانی زانکۆی**
**سەلاحەدین**